## فایلی ئارام کوێستانی(ئیسماعیل ئەحمەد)

ببوورن، ئەمە فایلی ئەو کەسانە نییە کە کلکیان لەگەڵ بەعسدا گرێدابوو و کەوتنی سەددام ئەو پەیوەندییەی ئەوانی ئاشکرا کرد. ئەوانەی هێشتا لە لوتکەی دەسەڵاتدان و هێشتا ئەندامی سەرکردایەتی و مەکتەبی سیاسین و کەس دەستیان لێنادات و تاوانەکەیان بۆ پۆشراوە نەك تەنها لەلایەن دەسەڵات خۆیەوە، چونکە دەسەڵات خۆیانە، بەڵکو هەروەها لەلایەن قسەزلانی دوو حزبی فەرمانڕەوا؛ ئەوانەی وانەی کوردایەتی بە جەماوەر دەڵێنەوە.

ئەمە قەزییەی کەسێکە لە ئاسایشی سلێمانی گیانی لەدەست دا. قەزییەی ئەوانەی خاوەنی دەسەڵات نین لە وڵاتدا بۆیە ناهەقییەکانی بەرامبەریان دەشاردرێنەوەو بچووك دەکرێنەوە. ئەمە حاڵەتێکی ناهەقییە لەناو دەیان حاڵەتی هاوچەشن.

### ئاسایش...مردوو شۆرو گۆڕهەڵکەن

ئەمە دووەم جارە ئاسایش کارێك دەکات لە هی دەزگاکانی بەعس بچێت ، جاری یەکەم کاتێك تەرمی (نامۆ)یان نەدایەوە بەکەسوکاریو لەجیاتی ئەوە وتیان شارەوانی ناشتوویەتیو تەنانەت ڕێگەیان نەدا بە دانانی پرسە بۆی، ئەم جارەیان تەرمی (ئارام)یان دایەوە بە کەسوکاری بەڵام بە کفنکراوی (جگە لە کفنەکەش بە نایلۆن پێچرابووەوە)و تەعەهودیان لێوەرگرتن کفنەکەی لێنەکەنەوەو تەماشای تەرمەکە نەکەن.

دەڵێم دوو جارە ئەمە بکرێت چونکە ئاگام لە حاڵەتی تر نییە دەنا بۆی هەیە دەیان جار ڕوویدابێت بەڵام چی دەڵێی لە ترسی خەڵك و بێ ئاگایی ئێمەو چی دەکەی لە "حوکمی یاسا" کە لەسایەی ئەودا شتی وا بە ئاسانی تێدەپەڕێ. لەسایەی حکومەتی یاسادا ئاسایش بە پاڵ کارەکانی تری خۆیەوە بۆتە مردوو شۆرو گۆڕهەڵکەن.

لەسایەی حوکمی یاسادا (ئیسماعیل ئەحمەد) ناسراو بە (ئارام کوێستانی) لە ئاسایشی سلێمانی گیانی لەدەست دا ، ڕۆژنامەی هاوڵاتی لە ژمارەی ( ١٧٣)یدا لە ٢٠٠٤/٥/١٢ چاوپێکەوتنێکی لەگەڵ باوکی ئارام بڵاوکردەوەو تێیدا ئەم سکاڵای کردبوو کە کوڕەکەی پاش گیرانی بە نۆ ڕۆژ لە ئاسایشی سلێمانی گەیانی لەدەست دا (چاوپێکەوتنەکەی هاوڵاتی بخوێنەرەوە).

ئارام فەرمانبەرێکی وەزارەتی ڕۆشنبیری بوو و پێشتر لە بزووتنەوەی ئیسلامی کادیرێکی ئیعلامی بوو و لە تەلەفزیۆن کاری دەکرد بەڵام بۆ دابین کردنی بژێوی ناچار ببوو کاری ناو بازاڕ بکات. ئەوەندەش دەمناسی کەسێکی هێمن بووەو بەلای هیچ جۆە توندوتیژییەك نەدەچوو.

ئارام لە هەڵمەتێکی " قارەمانانە"ی ئاسایش لەگەڵ ژمارەیەك کەس دەستگیرکراو لەگەڵ ئەوانی "تیرۆریست"

خرایە زیندان تا ئەو کاتەی ئەوی " تیرۆریست" لە بنەدەستی دابینکەرانی هێمنی گیانی لەدەست دا.
باوکەکە دەیویست بزانێت کوڕەکەی چۆن مردووە و قەناعەتی بە قسەی ئاسایش نەبوو کە پێیان وتبوو بە مردنی خوایی گیانی لەدەست دابوو. باوکەکە دەیوت ئاسایش تەرمی کوڕەکەیان لە کفن و نایلۆن پێچابووەوەو تەعەهود وەرگیرابوو لەو کەسوکارەی تەرمەکەیان وەرگرتبووەوە کە کفنەکە لێنەکەنەوە. وەکو بیستووشمە بزمار بەسەر ئارامدا کوتراوەو ڕەنگە ئەمە شوێنی ئەو برینە بێت کە لە (هاوڵاتی)دا باسکراوە بەڵام تا ئەو کاتە ئەو هەواڵەم بۆ تەئکید نەبووە. خۆ وڵاتیش وڵاتی یاسا نییەو بە ڕۆژی نێوەڕۆ ئەو تەرمە دەخرێتە ژێر خۆڵ پێش ئەوەی هیچ لێکۆڵینەوەیەك بکرێت و لە هۆکاری وەفاتەکە قسەی ئاسایش دەکرێتە سەنەد.
ئەم جۆرە کارە چ شتێکی لە کارەکانی بەعس جیاوازە؟ بەعس بەر لەوەی حزبێکی دیاریکراو بێت عەقڵییەتێکی دیاریکراوە.

## بێدەنگیی قسەزلەکان

کوان ئەو مونافیقانەی جار نییە باس لە مافی مرۆڤ نەکەن و ڕەخنە لە ئیسلامییەکان نەگرن؟چاوەڕێی ئەوە ناکەم لەو کەسانەی خۆیان بە ڕۆشنبیری ئازادیخواز ناودەبەن هەڵوێست دەربڕن چونکە گیانی سلبیەت بەسەر زۆربەیاندا زاڵ بووەو ئەمانە تەنها کاتێك بەیاننامەیەکی حازر بخرێتە بەردەمیان ئیمزا دەکەن بۆیە لێرەدا ڕووی نووسینەکەم ناکەمە ئەوان.
مونافیقی تەواو ئەو کەسانەن کە ئامادەن لەسەر ئیسلامییەکان شت بنووسن و هەڵوێست بنوێنن و کاتێك کەسێکی ئیسلامی کارێك بکات ئەمان بەدڵیان نەبێت زوو دەکەونە قسە بەڵام زوڵمکردن لە ئیسلامییەك لای ئەوان شایستەی ئەوە نییە بە یەك وشەش ئاماژەی بۆ بکرێت. خۆ ئەگەر بە ئاشکراش دروشمی دوژمنایەتیی ئیسلامییەکانیان بەرز بکردایەتەوە کەس گلەیی لێنەدەکردن بەڵام ئەوان ناڵێن دوژمنایەتیی ئیسلامییەکان دەکەین لەبەر ئەوەی ئیسلامین بەڵکو دەڵێن پاڵنەری ئەم دژایەتیکردنە ئەوەیە ئیسلامییەکان دژی ئازادیو مافی مرۆڤن.
بەو مونافیقانەش دەڵێم: ئەمە درۆیەکە خۆتانی پێ بخەڵەتێنن چونکە ئێوەی عەلمانیی توندڕەو لە ئاست کارەکانی دەسەڵات بێدەنگن یان ئەوپەڕەکەی قسەیەکی شەرمنانە یان گلییەکی دۆستانە دەکەن. ئەوەشتان پێ دەڵێم: ئەمە تەنها یەك حاڵەتە دەنا زۆری تریش هەیە، لەو حاڵەتە زۆرانەش کەمێك ئاشکرا دەبن چونکە ترس دەمی خەڵکی بەستۆتەوە. دەسەڵات بە ترس حوکمی خەڵك دەکات ئێوەی مونافقیش شەریکی حوکمی ترسن.

## ڕۆژنامەی (کوردستانی نوێ)و نەشتەرگەرییەك بۆ جوانکردنی ڕوخسار

هەقی تەواو دەدەمە کارمەندانی ڕۆژنامەی (کوردستانی نوێ) ئەگەر بێدەنگی هەڵبژێرن. لەڕاستیشدا لە نێوان بێدەنگیو قسەکردن "هەڵبژاردن"یان بۆ نییەو هەڵبژاردن لێرەدا وشەیەکی بێواتایە. ئەوان پێویستە

لەسەریان قسە نەکەن چونکە مووچەخۆری حزبن. بەڵام بەپێی تەجروبەی خۆم دەڵێم تەنانەت ئەگەر ڕێگەی قسەکردنیشیان پێ بدرێت هەر قسە ناکەن چونکە زوڵملێکراوەکە غەیرەیە نەك خۆیان، ئەو غەیرەیەش ئیسلامییە.

ئینجا خۆتان بژمێرن و بزانن چەند بابەت دژ بە ئیسلامییەکان لەو ڕۆژنامەیەدا بلاوکراوەتەوە ، چەند باسی تیرۆری ئیسلامیو توندڕەویی ئیسلامی دەکرێت و نووسەرانی چەند بە شانوباڵی ئازادی و ماڤی مرۆڤیان هەڵداوە ، بیژمێرن چەند نووسەری قسەزل شتیان بۆ بلاودەکرێتەوە بەلام بیشیژمێرن چەند جار باسی ڕاستییەکان کراون ئەگەر ئەو ڕاستییانە زیان بە حزب بگەیەنن.

ناهەقیشیان ناگرم چونکە رۆژنامەی حزبی، هەر حزبێك بێت عەلمانی یان ئیسلامی، بۆ شکۆمەندکردنی حزبە نەك بۆ ڕەخنەگرتن لە هەڵەکانی. لەم مەسەلەیەی (ئارام)یش جگە لە بێدەنگیی (کوردستانی نوێ) لاپەڕەی یەکەمی ڕۆژی ٢٠٠٤/٥/١٢ هەواڵێکی دوورودرێژی سەروەرییەکی ئاسایشی بلاوکردۆتەوە سەبارەت بە دەستگیرکردنی (٣٠) "تیرۆریست". گومانیشی تێدا نییە ڕۆژنامەکە ناپرسێت : وا ئێوە ئەمانەتان دەستگیرکرد چۆن یەکسەر دڵنیا بوون لەوەی تیرۆریستن ، چۆن یەکسەر بەڵگەتان دەست کەوت کە هەموویان تیرۆریستن؟ دیارە هەر زوو ئیعتراف بە هەموویان کرا. بلاوکردنەوەی ئەو سەروەرییەش چەند ڕۆژێك بوو پاش مردنی ئارام و هەمان ئەو ڕۆژە بوو کە ڕۆژنامەی (هاولاتی) هەواڵەکەی بلاوکردبووەوە بۆیە گومانی ئەوە هەیە ئەمە هەوڵێك بووبێت بۆ داپۆشینی ئەو کارە.

جارێکی تر ناهەقیان ناگرم چونکە ئیشی ئەوان وەکو ئیشی هەموو رۆژنامەیەکی حزبی ترە واتە شکۆمەندکردنی حزب و شاردنەوەی عەیبەکانێتی بەلام هەقی تەواویشم هەیە بلێم ئەو کەسە گێلە باوەڕ بەو قسانە دەکات کە نووسەران .. ببوورن (کاتب)انی قسەزل کاغەزەکانی ڕۆژنامەکەی پێ ڕەشدەکەنەوە.